# POINT

www.pointnumber.com

**ڕێکخراوی پۆینت بۆ ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان**

# (POOPSS)

## دەوڵەتی کوردی لە نێوان خەون و ڕاستی دا!!

(ڕاپرسی)

**(APRIL – 2007)**

)pointorg@yahoo.com ()point@pointnumber.comIraq - Kurdistan. E.mail: (
Mobil: (07504479839) (07701639888) (008821667750265) (07605038126)

# پێشەکی

ئایا گەلی کورد لە کوردستانی عیراق (کوردستانی باشوور یاخود باشووری کوردستان) مافی جاڕدانی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە؟

ئەم پرسیارە و سەرەڕای سادە و ساکارییەکەی، کەچی لە نێو پێچ و پەناکانی دا یەك دونیا مێژوو و گفتوگۆی گەرموگوڕ و پڕ لە پاڵپشتی و دژایەتی و مشتومڕ و بەپەلەکردن و

بەدواخــستن و نیگــەرانی و تــرس و بەرەوپێشــچوون و پاشــگەزبوونە و شــانازی پێکــردن و ملکەچــی و بــەرخودان و خــۆڕاگرتن و هــەر شــتێکی دیکــەی هــاودژ لــە رووی سیاســی و کۆمەڵایەتییەوە لە خۆ دەگریت!!.

گــەر سـەیری نێـو لاپـەرەکانی مێـژووی چـەند سـەد ساڵەی رابـردووی گـەلی کـورد دا بکـەین، دەبینین کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵێك نیمچە دەوڵەت و میرنـشین و حکوومـەت لـە سـەر ئـەم خاکە، کوردستان، دامـەزراون، هـەروەها دەبیـنین کـە ئـەو نیمـچە دەوڵـەت یـا خـود میرنـشینە کوردییـەکان نیمـچە سـەربەخۆییەکیان هـەبووە، بـەلاّم سـەرەڕای ئـەو هـەموو مێـژووە پـر لـە سەروەرییە هیچ دەمێك نەهاتووە کە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و سەرانسەری بـۆ تـەواوی خاکی کوردستان یان تەنانەت بۆ بەشێکیش دابمەزرێت!!.

خـاکی کوردسـتان بـەم شـێوەیە لـە دایـك نـەبووە!! بـە واتـای ئـەوە کـە بـەم شـێوەیە ناڕێکـە لەتلەتکراو نەبوو، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کاتێك دەوڵەتیش نەبووە، بەلاّم ئەم خاکـە هەمیشە یەك پارچە بوو، کەچی ئـەم یەکبوونـە مێژووییـە بـۆ یەکـەم جار کۆتـایی پـێ هـات کاتێك خاکی کوردستان لە نێوان هەردوو ئیمپراتوریەتی فارسی و ئۆسمانی لە ساڵی (1514) دابەش کرا، پاش شکستی سوپاکانی سەفەوی بەرامبەر سوپاکانی ئۆسمانی لە شەڕی بەناوبانگ و مێژوویی چالدێران.

مێژووی گەلی کورد بە کۆمەڵێك وەرچـەرخاندا تێپـەڕیوە، بـەلاّم هـەر هـەموویان لـە کۆتاییـدا پشتی ئەم نەتەوەیان شکاندووە!! بۆ نمونە کاتێك نوێنەرانی بزووتنەوەکانی نەتەوی (عـەرەب و ئەرمەن و کورد) بەرەو کۆنگرەی پێکهاتنەوەی پاریس کـە لـە سـاڵی (1919) بەسـترا بـەرێ کـەوتن، داوایـان کـرد دەوڵەتـە نەتەوییـەکانی خۆیـان دابمـەزرێنن، بـەلاّم ئـەو هـەموو بگـرە و بەردەی نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکان بوون بە ئەگەری دابەشکردنی وڵاتەکانی ئەم نەتەوانە و خستنیانە ژێر رێکێفی وڵاتە کابیتالیزمەکانەوە، بەم شێوەش کوردستان کـرا بـە چـوار پارچـە کـە هـەر پارچـەیەك لـەوان دەکەوێتــە نێـو سـنوورەکانی وڵاتێکـی خـاوەن کەسـایەتییەکی نێونەتـەویی بـاوەڕپێکراو!! ئـەم رەوشـەش بـەرەو قونـاغێکی ئـاڵۆزتر رۆیـشت ئـەویش لـە دەرئەنجامی سەرکەوتنی بزووتنـەوەی نەتـەوی تـورك بـە رابەرایـەتیی موسـتەفا کـەمال پاشـا (ئــەتاتورك) کاتێــك وڵاتــە زلهێزەکــانی ئەوســا بینییــان کــە لــە بەرژەوەنــدیی ئەواندایــە پەیوەندییان لە گەڵ ئەم دەوڵەتە تازە پێگەیشتوو خۆش و پتـەو بکـەن، بۆیەشـە لـە پـەیمانی تایبــەتییان بــە دامەزرانــدنی دەوڵــەتێکی کــوردی بــە پێــی پــەیمانی ســیڤەری ســاڵی (1920)

پاشگەز بوونەوە، ئیتر رەوشەکە بەرەو ئاڵۆزتر رۆیشت بە تایبەتی لە کاتی بەستنی کۆنگرەی لۆزان لە ساڵی (1923) کە هیچ نوێنەرێکی گەلی کورد لەو کۆنگرەدا ئامادە نەبوو بۆ ئەوەی باس لە دۆزی میللەتەکەی لە پێش نوێنەرانی جیهان بکات، بۆیەشە داخوازیی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوو بە شتێکی نزیك لە ئەستەم لە رەوشی نێونەتەوەیی ئەو قوناغەدا.

بەڵام مێژوو دەگۆڕدرێت، دووریش نییە ئەم گۆڕانکارییە نهێنیی ئەکتیڤبوونی رابردوو بیت سەرەڕای ئەوەی کە کات بە سەر دا چووە!! چونکە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و تەواوی بلۆکی سۆسیالزم و لەدایکبوونی جیهانی تاك جەمسەر و ئاشکەرابوونی سیستمی نوێی جیهانی، زۆر لە چەمکە سیاسییەکان گۆڕان، بۆیەش ئەوەی لە ئازاری ساڵی (1991) لە عیراق هەڵگیرسا کۆدەتایەکی میللی بوو دژی دەستهەڵاتی تاکە پارت؛ لە کوردستانیش بوو بە راپەڕینێکی میللی کە هاودەم کۆمەڵێك لە پارتە کوردییەکان ئۆرگانیزە و گەڵاڵەیان کرد، ئەوە بوو گەلی کورد لە کوردستانی عیراق خۆی لە بەرامبەر رەوشێکی سیاسیی نوێ دا دۆزییەوە کە نزیك بوو لە سەربەخۆیی، بۆیەش ئەو خەونە دێرینە لە قوڵایی مێژوو (خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ) دووبارە گەڕایەوە و لە نێو مێشکی کورددا نێشتەوە.

سەرکردەکانی کورد هیچ رۆژێك هەستی گەرموگوڕیان لە مەڕ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ نەشاردۆتەوە، بەڵام هەمیشە ئەو هەستەیان راگرتووە کاتێك باس لە رەوشی نێونەتەوەیی و هەرێمییان کردووە کە رێیان پێ نادات ئەم دەوڵەتە جاڕ بدەن، ئەو دەوڵەتەی کە شەقامی کوردی دەڵێت: ئەمڕۆ یان سبەی.. هەر دادەمەزرێت.

لەم راپرسییەدا کە هەوڵمان داوە بە بێ لایەنی و بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامی بدەین، کە (1000) هەزار کەس لە هەموو تەمەنێك و چین و ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەك (کورد، تورکمان، کلدوئاشووری، عەرەب و ئەوانی دیکە) و لە هەردوو رەگەز لە هەر (5) پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، دهۆك و مووسل) بەشدارییان تیایدا کردووە، هەوڵمان داوە رای شەقامی کورستانی بخۆێنینەوە، وەکوو هەوڵێکی رژد لە لایەن ئێمەوە بۆ تێگەیشتنی سروشتی ئەم رایە و ئەو ئەگەرانەی لە پشتەوەی دەوەستن، وەکو بەشدارییەك لە لایەن ئێمەوە بۆ گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێکی ئاشکەرا بۆ ئەم گرفتە مێژووییە.

# ئەنجامەکان

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
|---|---|---|---|---|
| 01 | ئایا کورد لە عیراق مافی جاڕدانی دەولەتێکی نەتەوی کوردی هەیە؟ | % 85.3 | % 7.3 | % 7.4 |
| 02 | ئایا کاتی جاڕدانی دەوڵەتی کوردی هاتووە؟ | % 34.1 | % 48.8 | % 17.1 |
| 03 | ئایا راگرتنی بڕیاری جاردانی دەوڵەتی کوردی لەم قوناغە دا کارێکی باشە؟ | % 56.1 | % 34.1 | % 9.8 |
| 04 | ئایا دوور خستنەوەی هزری جاڕدانی دەوڵەتی کوردی بە یەکجاری کارێکی باشە؟ | % 14.6 | % 78.1 | % 7.3 |
| 05 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا گەلی کورد لە عیراق پاڵپشتی دەکات؟ | % 70.7 | % 19.5 | % 9.8 |
| 06 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا تورکمان و مەسیحییەکانی نێو سنووری ئەم دەوڵەتە دا پاڵپشتی دەکەن؟ | % 31.7 | % 29.2 | % 39.1 |
| 07 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دا پاڵپشتی دەکەن؟ | % 75.6 | % 4.8 | % 19.6 |
| 08 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا گەلی عەرەب لە عیراق دا دژی رادەوەستن؟ | % 78.1 | % 2.4 | % 19.5 |
| 09 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا گەلی عەرەب لە دەوڵەتە عەرەبییەکان دا دژی رادەوەستن؟ | % 73.1 | % 7.3 | % 19.6 |
| 10 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا ووڵاتانی دراوسێ دژی رادەوەستن؟ | % 90.2 | % 2.4 | % 7.4 |
| 11 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا کۆمەڵگای نێو نەتەوی دژی رادەوەستیت؟ | % 17.1 | % 48.8 | % 34.1 |
| 12 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا تووشی ئۆپەراسیۆنی لەشکەری دەبیت لە لایەن ووڵاتانی دراوسێ؟ | % 31.7 | % 24.4 | % 43.9 |
| 13 | ئەگەر هات و تووشی ئۆپەراسیۆنی لەشکەری بوو ئایا ئەم دەوڵەتە توانای خۆڕاگری دەبیت؟ | % 31.7 | % 43.9 | % 24.4 |
| 14 | ئایا ئەم دەوڵەتە کوردییە توانای خۆڕاگری دەبیت | % 43.9 | % 41.4 | % 14.7 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بەرامبەر گرفتە ئابووری و سیاسییەکان دا؟ | |
| % 9.7 | % 51.2 | % 39.1 | ئایا مانەوەی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدرال لە نێو چارچێوەی عیراق دا باشترە لە جاڕدانی دەوڵەت؟ | 15 |
| % 14.7 | % 34.1 | % 51.2 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکرات خواز؟ | 16 |
| % 22.1 | % 41.4 | % 36.5 | ئایا جاڕ دانی دەوڵەتی کوردی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆ لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەی عیراقی دا؟ | 17 |
| % 24.4 | % 51.2 | % 24.4 | ئایا جاڕ دانی دەوڵەتی کوردی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆ بە ئامانجی بە سەرداگرتن بە سەر دەسهەڵات دا؟ | 18 |
| % 12.3 | % 12.1 | % 75.6 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا رۆشنبیرانی کورد رۆلێك دەبینن لە پێناو پاراستنی ئەم دەوڵەتە دا؟ | 19 |
| % 22.1 | % 34.1 | % 43.8 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا دەوڵەمەندانی کورد ئامادەن قوربانی بدەن لە پێناو پاراستنی ئەم دەوڵەتە دا؟ | 20 |
| % 4.9 | % 29.2 | % 65.9 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا هێزی پێشمەرگە شەر دەکات لە پێناوی پاراستنی ئەم دەوڵەتە دا؟ | 21 |
| % 9.7 | % 4.9 | % 85.4 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا پارتە کوردییەکانی کوردستانی عیراق پاڵپشتی ئەم جاڕ دانە دەکەن؟ | 22 |
| % 17.1 | 8% 4. | % 78.1 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا پارتە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پاڵپشتی ئەم جاڕ دانە دەکەن؟ | 23 |
| % 21.9 | % 36.6 | % 41.5 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا باری ئابووری هاوڵاتیانی ئەم دەوڵەتە باشتر دەبیت لە ئێستا؟ | 24 |
| % 7.4 | % 9.7 | % 82.9 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا هێزی ئاسایش دەتوانیت کۆنترۆلی رەوشی ئەمنی نێو سنووری ئەم دەوڵەتە دا بکات؟ | 25 |
| % 7.3 | % 9.8 | % 82.9 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا دەبێتە دەوڵەتێکی ئاشتی خواز و بەشدار لە پتەو کردنی | 26 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ئاسایش و ئاشتی نێو نەتەوی دا؟ | |
| % 12.2 | % 12.2 | % 75.6 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا رەچاوی مافی مرۆڤ و پەیمانەکانی نێو نەتەوی دەکات؟ | 27 |
| % 24.3 | % 9.8 | % 65.9 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا کۆمپانیا جیهانییەکانی گەورە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم دەوڵەتە دا دەکەن؟ | 28 |
| % 17.1 | % 7.3 | % 75.6 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا رێکخراوە مرۆڤییەکانی کە ئێستا لەم ناوچەیە دا کار دەکەن بەردەوام دەبن لە سەر کاری خۆیان؟ | 29 |
| % 17.1 | % 19.5 | % 63.4 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی دەتوانن قەناعەتێك بۆ وڵاتانی جیهان دروست کردنی ؟ | 30 |
| % 17.1 | % 70.8 | % 12.1 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتانی عەرەبی پابەند دەبن بە گواستنەوەی راستییەکان وەکو خۆی؟ | 31 |
| % 24.4 | % 14.7 | % 60.9 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی پابەند دەبن بە گواستنەوەی راستییەکان وەکو خۆی؟ | 32 |
| % 17.1 | % 29.2 | % 53.7 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا بەرپرسەکانی ئێستا دەتوانن بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەڕێوەی ببەن؟ | 33 |
| % 14.7 | % 21.9 | % 63.4 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا بەرپرسەکانی ئێستا دەتوانن قەناعەتێك بۆ جیهان دروست بکەن لە مەڕ شەرعییەتی ئەم دەوڵەتە؟ | 34 |
| % 24.4 | % 39.1 | % 36.5 | ئەگەر ئێستا دەوڵەتی کوردی جاڕ نەدرێت ئایا دەرفەتێکی دیکەی نزیك بۆ جاڕ دانی دێتە کایەوە؟ | 35 |
| % 9.7 | % 78.1 | % 12.2 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا نەتەوەکانی دیکەی کە لە نێو سنووری ئەم دەوڵەتە دا دەژین زەرەر مەند دەبن؟ | 36 |
| % 19.6 | % 60.9 | % 19.5 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا نەتەوەکانی دیکەی کە لە نێو سنووری عیراق دا دەژین لە رووی سیاسییەوە زەرەر مەند دەبن؟ | 37 |
| % 12.2 | % 12.2 | % 75.6 | ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئایا مافەکانی | 38 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | نەتەوەكانی دیكەی كە لە نێو سنووری ئەم دەوڵەتە دا دەژین پارێزراو دەبن؟ | | | |
| 39 | ئەگەر هات و دەوڵەتی كوردی جاڕ درا ئایا ڕێژەی كۆچ بۆ دەرەوەی وڵات لە ئاستی ئێستا كەمتر دەبێت؟ | % 43.9 | % 41.5 | % 14.6 |
| 40 | ئەگەر دەوڵەتی كوردی جاڕ نەدرێت ئایا گەلی كورد لە رووی سایكۆلۆژییەوە تووشی شكستێك دەبێت؟ | % 31.7 | % 53.6 | % 14.7 |

# پوختە

شتێكی سەیر نەبوو كە (%85.3) لەو كەسانەی كە بەشدارییان لەم راپرسییە دا كردووە لەو بڕوایە دا بن كە كورد لە عێراق مافی جاڕدانی دەولەتێكی نەتەوی سەربەخۆیان هەیە، چونكە ئەم مافە وەكو راستییەك لە نێو هزری زۆربەی زۆری كوردستانییەكان دا چەسپیوە، بۆیەش هەموو چارەسەرییەكانی سیاسی دیكەی وەكو ئۆتۆنۆمی یاخود فیدرالی چارەسەری كاتین بەپێی هزری ئەم گەلە، بەڵام سەرەڕای ئەم یەك دەنگییەش ئەم خەڵكە دەبێتەوە دوو بەش بەرامبەر مەسەلەی كاتی گونجاو بۆ راگەیاندن و جاڕدانی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە، لێرەش دا (%48.8) ئەو كەسانە دەبینن كە هێشتا كاتی جاڕدانی ئەم دەوڵەتە نەهاتووە، بۆیەش دەتوانین بڵێین كە رەوتێكی بە هێز هەیە كە خۆی بە عەقلانی و هۆشمەند دەزانیت هێشتا زاڵە، بۆیەش رێژەی ئەوانەی پێیان وایە كە راگرتنی بڕیاری جاڕ دانی دەوڵەتی كوردی لەم قوناغە دا كارێكی باشە دەگاتە (%56.1) كەچی جارێكی دیكە ئەم هەردوو بەشە دەبنەوە یەك بە رێژەی (%78.1) كە لەو باوڕە دان كە دوور خستنەوەی هزری جاڕدانی دەوڵەتی كوردی بە یەكجاری كارێكی خراپە و هیچ پەیوەندییەكی نە بە عەقلانییەت و نە بە واقیعەوە هەیە.

وا دیارە زۆربەی ئەوانەی بەشدارییان لەم راپرسییە دا كردووە لەمەڕ مەسەلەی دەوڵەت بوون پشت

بەو هزرە یان بەستووە کە دەڵێت گەلی کورد لە عێراق پاڵپشتی جاڕدانی ئەم دەوڵەتە دەکات ئەگەر هات و بۆ بە دیفاکتۆ ، بۆیەش دەبینین کە (70.7%) ئەمانە لە سەر ئەم باوڕە یەکیان گرتووە، ئەمەش ئەوە ئاشکەرا دەکات کە رەوتێکی بە هێز هەیە لەو باوڕە دایە کە ئەو بەڕاستی ئامادەیە بەرڤانی و پاڵپشتی لەم دەوڵەتە بکات، بەلاّم نابیت ئەوانەی ئەم پاڵپشتییە بە شتێکی دوور دەزانن لە بەر چاو نەگرین کە ڕێژەیان دەگاتە (19.5%).

لەم راپرسییە دا دوو لەت بوونێکی گەورەمان بۆ ئاشکەرا دەبیت لەمەر هەوڵوێستی تورکمان و مەسیحییەکانی نێو سنووری ئەم دەوڵەتە دا ئەگەر هات و جاڕ درا، بەشی یەکەم کە رێژەی دەگاتە (31.7%) لەو باوەڕە دان کە ئەمانە پاڵپشتی ئەم دەوڵەتە دەکەن کەچی بەشی دووەم کە رێژەی دەگاتە (29.2%) دەڵێن ئەمانە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نابن پاڵپشتی لەم دەوڵەتە بکەن و لە باشترین هەڵوێست دا تەنها تەماشاکار دەبن، ئەم مەسەلەیەش وا پێویست دەکات کە سەرکردەکانی کوردستان هزر لە رێگە چارەیەك بکەن لە پێناوی یەکگرتنەوەی هەموو نەتەوەکانی کوردستان بە شێوەیەکی مکوم و ستراتیژیك.

بەلاّم ئەم جوداهییە لە هەڵوێست دا لە نێو ریزەکانی ئەوانەی بەشدارییان لەم راپرسییە دا کردووە دەبێتەوە یەك هەڵوێست کاتێ پرسیارەکە دەربارەی هەڵوێستی گەلی کورد بێت لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دا، بۆیەش (75.6%) ئەمانە لەو باوەڕە دان کە گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئامادە دەبیت پاڵپشتی لەم دەوڵەتە بکات هەرچەندە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەو پارچانەوە نییە کە ئەوان لەسەری دەژین، ئەمەش نیشانەی بەهێزی هەستی نەتەوایەتییە لای میللەتی کورد بەرامبەر دۆزە نەتەوییەکانی خۆی دا لەهەر کوێ بن و لە هەر پارچەیەك بن لە چوار پارچەکانی دا.

سەرکردەکانی کورد هەمیشە و بەردەوام هەوڵیان داوە بۆ گەلی عەرب ئاشکەرا بکەن کە هیچ کاتێك جەنگی دوێنێ و ئەمڕۆی گەلی کورد لە پێناوی بەدیهێنانی مافە رەواکانی خۆی دا لە دژی گەلی عەرەب نەبووە چ لە عێراق یاخۆد لە هەر کوێ بیت، بەڵکو هەمیشە ئەم خەباتە لە دژی رژێمە دڕوندەکان بووە کە بە ئاگر و ئاسن حکومڕانییان لە عێراق کردووە، دیارە ئەوانیش راستگۆ بوونە لەم هزرە دا، بەلاّم سەرەڕای ئەم راستییەش گەلی کورد تا ئێستاش لەو باوەڕە دایە کە عەرەب لە عێراق (چ وەکو میللەت و چ وەکو رژێم) بێ گومان دژی ئەم دەوڵەتە رادەوەستن، بۆیەش (78.1%)

**دەنگدەرانی ئەم راپرسییە لە دژایەتی عەرەب بۆ دەوڵەتی کوردی بێ گومانن و پێیان وایە ئەمە شتێکی حەتمییە، ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب لە عێراق دەخاتە نێو قوناغ و خانەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ترسناك دا.**

**هەروەها رای بەشداربووانی ئەم راپرسییە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کە پێیان وایە گەلی عەرەب لە وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەش بەرامبەر بە جاڕدانی دەوڵەتی کوردی دەنوێنیت زۆر جودا نەبوو لە رای پێشتریان، بۆیەش (%73.1) ئەوان لەو باوەڕە دا بوون کە گەلی عەرەب بە تێکرایی و بەشێوەیەکی ئاشکەرا دژی دەوڵەتی کوردی رادەوەستێت چونکە زۆر لە عەرەبەکان پێیان وایە ئەم دەوڵەتە دەبێتە رێگر لە پێش پرۆژەی نەتەوی ئەوان دا!!.**

**ئەم دژایەتییەی کە لە نێو ئەم راپرسییە دا ئاشکەرا بووە وەکو شتێکی حەتمی، ئەوەشی ئاشکەرا کرد کە هەڵوێستی وڵاتانی دەوروبەر زۆر توند دەبێت بەرامبەر جاڕدانی دەوڵەتی کوردی، بۆیەش (%90.2) بەشداربووانی ئەم راپرسییە پێیان وایە کە وڵاتانی دراوسێ بە هیچ شێوەیەك ئەم دەوڵەتەیان پێ قبوول نابیت بەڵکو دژی ئەم جاڕدانە رادەوەستن، کەچی رای بەشداربووانی ئەم راپرسییە گۆڕا کاتێ باس هاتە سەر هەڵوێستی کۆمەڵگای نێو نەتەوی بەرامبەر ئەم دەوڵەتە بۆیەش (%48.8) ئەوان پێیان وابوو کە کۆمەڵگای نێو نەتەوی دژی ئەم جاڕدانە نابیت، بەڵام رێژەی ئەوانی دوو دڵیش کەم نەبوو کە گەیشتە (%34.1) ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکەرا دەکات کە گەلی کورد هێشتا لەو گرێیە مێژووییە بەرامبەر هەڵوێستی نێو نەتەوی رزگار نەبووە و هێشتا ئاسەواری ئەو گرێیە ماوە کە لە ناوەندی سالانی هەفتاکانی سەدەی رابردوو دا بە شێوەیەکی گران تووشی بوو.**

**رێژەی ئەوانەی پێیان وایە کە ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا تووشی ئۆپەراسیۆنی لەشکەری دەبیت لە لایەن وولاتانی دراوسێ وە دەگاتە (%31.7) ئەم رێژەیەش ترسناك دەبیت ئەگەر هات و رێژەی ئەوانەی بە (نازانم) وڵامیان داوە کە دەگاتە (%43.9) بخەینە سەر، کە دەبێتە رێژەیەکی گەورە و زۆر و مایەی دوو دڵی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا رێژەیەکی زۆری گەلی کورد لەو باوەڕە دایە کە تانك و زرێپۆشەکانی سوپاکانی ولاتانی درواسێ دەتوانن لە هەر کاتێك بیانەوێت شارەکانی کوردستان داگیر بکەن!! ئەمەش شتێکی ترسناکە و نیشانەی بێ باوەڕییە بەرامبەر بە رەوشی سیاسی و نێو نەتەویی هەرێم دا کە لە بنەڕەت دا لە سەر کۆمەڵە بڕیاری نێو دەوڵەتیی**

پێگیر دامەزراوە.

ئەوەی جێگای داخە ئەم نا باوەڕییە لە هندێك شوێنی تایبەت و وورد دا بە زەقی ئاشكەرا دەبیت و لە هندێك شوێنی دیكە دەبێتە مایەی رووخاندنی ستراكتۆری بوونی كوردستان، چونكە كاتێ (%43.9) لەو باوەڕە دا بن كە ئەم دەوڵەتە ناتوانیت خوڕاگر بیت ئەگەر هات و تووشی ئۆپەراسیۆنێكی لەشكەری بوو لە لایەن وڵاتانی دراوسێ وە، هەروەها كاتێ (%41.4) لەو باوەڕە دا بن كە ئەم دەوڵەتە كوردییە توانای خۆڕاگری نابیت بەرامبەر گرفتە ئابووری و سیاسییەكان دا، ئا لێرە دا پێویستە سەركردەكانی كوردستان سەر لە نوێ هزر لە چۆنیەتی پتەو كردنی باوەڕی دا بكەن بەرامبەر بوونی ئەم میللەتە، چونكە دوور نییە ئەمەیە وای كردبێت كە رێژەیەكی زۆر كە دەگاتە (%51.2) بڵێن كە مانەوی كوردستان وەكو هەرێمێكی فیدرال لە نێو چوارچێوەی عیراق دا باشترە لە جاڕدانی دەوڵەت!!.

لەم راپرسییە دا مەسەلەی دیموكراتی بە هەند و گرنگی وەرگیراوە، بۆیەش (%51.2) لەو باوەڕە دا بوون كە ئەگەر هات و دەوڵەتی كوردی جاڕ درا ئەوە دەبێتە دەوڵەتێكی دیموكرات خواز، دیارە ئەم باوەڕییەش لە خوێندنەوەی رەوشی سیاسی ئێستاوە هەڵدەقوڵێت كە رەوشێكی دیموكراتییە لە زۆر لایەنەوە سەرەڕای دەیان پێشێلكاری كە بۆ هاوڵاتییان ئاشكەرایە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەم هاوڵاتییە بە هیوا و ئومێدە كە ببێتە خاوەن دەوڵەتێكی دیموكرات خواز چونكە ئەو لە باوەڕە دا یە كە دیموكراتی تاكە رێگا و چارەیە بۆ بەدیهێنانی ژیانێكی ئازاد و سەربەرز و هێمن.

لە بابەتی روودان وهەڵگیرسانی شەرێك نێوان گەلی كورد و نەتەوەكانی دیكەی عیراق دا بە ئەگەری جاڕدانی دەوڵەتی كوردی جورێك لە گەشبینیی دوو دڵ بەدی دەكرا، بۆیەش (%41.4) پێیان وابوو كە ئەم شەرە روونادات، بەڵام ئەم دوو دڵییە زۆر كەمتر بوو بەرامبەر هەڵگیرسانی شەرێكی ناوخۆ لە نێوان كورد و كورد دا بە ئامانجی سەرداگرتن بە سەر دەسەڵات دا كە (%51.2) پێیان وابوو بەهیچ شێوەیەك ئەم شەرە ناوخۆییە روونادات، دیارە ئەم ئەنجامەش داكۆكی هەردوو پارتی دەسەلاتدار لە كوردستان دا بۆمانی ئاشكەرا دەكات كە سوورن لە سەر یەكبوون و یەك هەڵوێستی و رێگە گرتن لە هەموو ئەوانەی هەوڵ دەدەن دوو بەرەكییان بخەنە نێو ریزەكانیان دا بە هەر رێگایەك و هەر شێوەیەك بیت.

لەم راپرسییە دا شتێکی یەکجار گەورە بۆمان ئاشکەرا بوو کاتێ (%75.6) لەو باوەڕە دا بوون کە ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا ئەوە رۆشنبیرانی کورد رۆڵێك دەبینن لە پێناو پاراستنی ئەم دەوڵەتە دا، ئەمەش نیشانەی باوەڕییەکی گەورە و رێزێکی تایبەتە کە گەلی کورد بەرامبەر رۆشنبیرانی خۆی دا دەنوێنیت، هەروەها باوەڕی پێ هێنانە بە گرنگی رۆڵی رۆشنبیران لە پاراستنی جەستەی سیاسی ئەم گەلە، ئەم ئەنجامەش لە راستی دا هەموو رایەکانی پێشتر بە درۆ خستەوە کە هەوڵیان دەدا رۆشنبیری کورد بە کەسێکی بێ هەڵوێست و خۆ پەرست وپارە و پوڵ پەرست و ژیان لە سەر مل و شانی جەماوەر لە قەلەم بدات!! بەڵام ئەم ئەنجامە گەورەیە بۆ هەموویانی سەلماند کە رۆشنبیری کورد خاوەن کەسایەتییەکی بە هێزە و خاوەن پایەکی گەورەیە لە نێو ریزەکانی میللەتی خۆی دا، ئەمەش لە راستی دا پایە و جێگایەکی پر بە پێست و شایانی رۆشنبیری کوردە.

ئەم پلە و پایەی کە رۆشنبیرانی کورد لەم راپرسییە دا بە دەست خۆیان خست، دەوڵەمەندان وسەرمایەدارانی کورد نەیانتوانی بە هەمان پلە و پایە بگەن، بەڵام رێژەی (%43.8) کە لەو باوەڕە دا بوون کە دەوڵەمەند و سەرمایەدارانی کورد ئامادە دەبن قوربانی بدەن لە پێناو پاراستنی ئەم دەوڵەتە دا رێژەیەکی کەم نییە، بەڵام ئەم جوداهییە ئەوەمان بۆ ئاشکەرا دەکات کە شێوەیەك لە ساردی کەوتووە نێوان جەماوەر لە لایەك و چینی دەوڵەمەندان لە لایەکی دیکەوە، بۆیەش ژمارەیەك لەم جەماوەرە کە رێژەیان بە پێی ئەم راپرسییە دەگاتە (%34.1) پێیان وایە کە دەوڵەمەندەکانی کورد ئامادە نابن قوربانی بدەن لە پێناوی خۆڕاگری ئەم دەوڵەتە دا.

ئەنجام دەرانی ئەم راپرسییە لەو باوەڕە دا بوون کە رێژەی ئەوانەی دەڵێن کە پێشمەرگە ئامادە دەبیت بۆ شەڕ لە پێناوی پاراستنی ئەم دەوڵەتە دا رێژەیەکی یەکجار زۆر و گەورە دەبیت، کەچی وا دەرنەچوو!! چونکە رێژەی ئەمانە تەنها (%65.9) ئەمەش رێژەیەکی بەرزە لە رەوشەکانی نۆرماڵ بەڵام لێرە دا وا نییە بەرامبەر ئەو هەموو کەسایەتییە بە هێزەی کە پێشمەرگە هەیەتی و ئەو هەموو مێژوویە پر سەرورەرییەی ئەم هێزەی کە چەندین ساڵە مێژووی کورد لە سەر شان و لە ئەستۆی ئەوان دا یە، بەڵام پرسیاری گەورە کە لەم ساتە دا خۆی ئاشکەرا دەکات ئەوەیە بۆچی (%29.2) لەو باوەڕە دا نە کە پێشمەرگە شەر ناکات؟!! ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە رێژەیەکی بەرز و ترسناکە و وای بۆ دەچین کە ئەگەری بەرزیی ئەم رێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێشمەرگە هەست دەکات کە وەکو جاران گرنگی بەو نادرێت!!.

ئەم راپرسییە رەوشێکی سیاسی – حزبایەتی هێمن و دانراوی ئاشکەرای کرد و دیاری کرد کە جورە رێککەوتنێك لە نێوان پارتە کوردییەکان دا هەیە و کۆمەڵە ئەمانجی ستراتیژیکیان هەیە کە لە سەری کۆکن، بۆیەش ئەو رێژەیە بەرزە کە گەیشتە (%85.4) پێیان وا بوو کە پارتە کوردییەکانی کوردستانی عیراق پاڵپشتی جاڕدانی دەوڵەتی کوردی دەکەن هاتە کایەوە، هەروەها رای بەشداربووانی ئەم راپرسییە زۆر دوور نەبوو لە رای پێشتریان سەبارەت بە هەڵوێستی پارتە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەرامبەر جاڕدانی دەوڵەتی کوردی؛ بۆیەش رێژەی ئەوانەی پێیان وا بوو کە ئەمانە پاڵپشتی دەکەن گەیشتە (%78.1) ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکەرا دەکات کە جۆرە یەکبوونێك و ستراتیژیکێکی نەتەویی بە هێز و پرۆگرام کراو و کۆمەڵە ئامانجی دوور هەن کە هەموو ئەو پارتانە دەکەنە یەك سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لە پەیڕە و پرۆگرامەکانی ئەوان دا و هەبوونی تێکهەڵکێشانێك لە نێو مێژوویەکانیان دا.

سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان کۆکن لە سەر گرنگی لە دایك بوونی دەوڵەتی کوردی؛ کەچی بە هەمان شێوەیە کۆك نین لە سەر ئەوەی کە ژیان و باری ئابووری هاوڵاتیانی ئەم دەوڵەتە باشتر دەبیت لە ئێستا، بۆیەش تەنها (%41.5) ئەوان پێیان وا بوو کە باری ئابووری هاوڵاتیان باشتر دەبیت لە ئێستا، کەچی (%36.6) لەوان لەو باوەڕە دا بوون کە باری ئابووری هاوڵاتیان باشتر نابیت لە پاش جاڕ دانی دەوڵەت، ئەمەش وەکو دیارە مەترسی هاوڵاتیان ئاشکەرا دەکات لەوەی کە دوور نییە ئەم دوڵەتە بخرێتە ژێر کۆمەڵێك سزا و دورپێچی سیاسی و ئابووری لە لایەن وڵاتانی دەوروبەر بە تایبەتی و دوور نییە لە لایەن چەند وڵاتێکی دیکەشەوە وەکو جۆرێك لە سزادان وفشار بە ئامانجی رووخاندنی ئەم دەوڵەتە.

لەم راپرسییە دا بوونی بە هێزی هێزەکانی ئاسایشی کوردی لە نێو خەڵك دا ئاشکەرا بوو، هەروەها بۆمان دیار بوو کە هاوڵاتیان باوەڕییەکی گەورەیان بەو ئاسایشەوە هەیە، بۆیەش (%82.9) پێیان وا بوو کە هێزەکانی ئاسایش دەتوانن کۆنترۆڵی باری ئاسایش لە نێو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە دا بکەن ئەگەر هات و جاڕ درا، هەروەها و بەهەمان شێوە بەشداربووانی ئەم راپرسییە و بە رێژەی (%82.9) کۆك بوون لە سەر ئەوەی کە ئەم دەوڵەتە کوردییە و چونکە دەبێتە دەوڵەتێکی هێمن وخاوەن ئاسایش بۆیەش بێ گومان بەشداری لە پتەو کردنی ئاسایش و ئاشتی نێو نەتەوی دا دەکات، ئەمانەش داکۆکییان لە سەر ئەوە دەکرد کە ئەم دەوڵەتە دەبێتە دەوڵەتێکی ئاشتی خواز ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە مێشکی گەلی کوردستان و بەشێوەیەکی خۆرستی بەرەو ئاشتی هەنگاو

دەنێت و لە ناخی خۆی دا پرۆتستۆی جەنگ  و شەڕ دەکات، هەر بۆیەش (75.6%) پێیان وا بوو کە ئەم دەوڵەتە رەچاوی مافەکانی مرۆ و پرۆتۆکۆڵەکانی نێو نەتەوی دەکات، دیارە ئەم ئەنجامەش بە هۆی ئەو هەموو چاکسازییانە دێت کە پێش چەند ساڵێك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامیان داوە لە نێو زیندان و گرتوو خانەکانی کوردستان دا و چاککردنەوەی باری ژیانی گرتووەکان بە شێوەیەك کە کەرامەت و کەسایەتییان پارێزراو بێت.

لەم راپرسییە دا دیار بوو کە کورد و سەرەڕای دوو دڵییان لە رژێمەکان لە جیهان دا کەچی باوەڕییەکی پتەوتریان بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای سڤیل وکۆمپانیا جیهانییەکانی ئاوادانکردنەویان هەیە، بۆیەش (65.9%) پێیان وا بوو کە ئەم کۆمپانیانە بەردەوام دەبن لە سەر کاری خۆیان ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕ درا، هەروەها (75.6%) لەو باوەڕە دا بوون کە رێکخراوەکانی مرۆڤایەتی ئەوانیش بەردەوام دەبن لە سەر کاری خۆیان لەو دەڤەرە دا سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ناوچەیە بەو بزاڤە سیاسییە گەورەیە هەڵدەستێت کە جاڕ دانی دەوڵەتی سەربەخۆیە.

راگەیاندنی کوردی خاڵێکی گرنگی بۆ خۆی تۆمار کرد لەم راپرسییە دا کاتێ ئاشکەرای کرد کە رێژەیەکی بەرز لە بەشدار بووانی ئەم راپرسییە کە گەیشتە (63.4%) باوەڕییان بەو راگەیاندنە هەیە و پێیان وایە کە ئەم راگەیاندنە و دەزگاکانی دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن لە تێگەیاندن و دروست کردنی قەناعەتێك بۆ وڵاتانی جیهان سەبارەت جاڕ دانی دەوڵەت و مافی کورد لەم کارە چارەنووس سازە دا، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکەرایە بۆ کەسایەتی بە هێزی ئەم راگەیاندنە لە نێو جەماوەر دا، بەڵام ئەم رەوشە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕا کاتێ باس هاتە سەر راگەیاندنی عەرەبی بۆیەش (70.8%) پێیان وا بوو کە راگەیاندنی عەرەبی هیچ کاتێك لە گواستنەوەی راستییەکان دا دەست پاك نابێت، ئەگەری ئەم هەڵوێستەش وەکو دیارە بۆ هەستی گەلی کورد بەو هەموو زۆرداری و بێ ویژدانییەی ساڵانێکە ئەم راگەیاندنە عەرەبییە بەرامبەر بە ئەزموونی ئێستای کوردستان و ژیانی رۆژانەی گەلەکەی دەنوێنێت دەگەرێتەوە، بەڵام هەڵوێستەکە دیسانەوە دەگۆڕدرێت کە باسەکە دێتە سەر راگەیاندنی جیهانی، بۆیەش (60.9%) پێیان وایە کە ئەم راگەیاندنە جێگای باوەڕی ئەوانە و پێگیری بە گواستنەوەی راستییەکان وەکو خۆی دەکات بە شێوەیەکی راست گۆ و زانستی دوور لە هەموو کارێکی هەڵبەستراو.

سەرەڕای هەموو ئەو گۆتنانەی کە باسی هەبوونی بیاڤێکی گەورە لە نێوان ئەو کەسانەی ئێستا

کوردستان بەرێوەدەبەن لە لایەك و جەماوەر لە لایەکی دیکەوە دەکەن، کە ئێمەش پێمان وایە ئەم بیاڤە هەیە، کەچی لەم راپرسییە دا ئاشکەرا بوو کە هێشتا و تا ئێستا جەماوەر تا راددەیەکی گەورە باوەڕی بە شیان و توانای بەرپرسەکانی هەیە، بۆیەش (53.7%) پێیان وا بوو کە ئەمانە دەتوانن بە سەرکەوتوویی ئەم دەوڵەتە بەڕێوەببەن، بەڵام پێویستە ئەوەش لە بەر چاو بگرین کە (29.2%) پێیان وا بوو کە بەرپرسەکانی ئێستا ناتوانن ئەم دەوڵەتە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەببەن، ئەمانەش رێژەیان کەم نییە و نیشانەی ئەوەیە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو بیاڤە بەڵکو ئەو دیوارە لە نێوان حاکم و مەحکوم دا هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەم رەوشەش رێژەی باوەڕیی پێ کردن بە بەرپرسەکان دووبارە بەرز دەبتەوە کاتێ باس دێتە سەر کاروباری دەرەوە و کاری دیبلۆمات، بۆیەش (63.4%) پێیان وا یە کە بەرپرسانی ئێستا دەتوانن قەناعەتێك بۆ کۆمەڵگای نێو نەتەوی دروست بکەن لە مەڕ شەرعییەتی ئەم دەوڵەتە کوردییە، دیارە ئەمەش بۆ ئەو هەموو توانای دیبلۆماتی گەورە وپەیوەندییە دێرینەکان دەگەڕێتەوە کە سەرکردەکانی کورد زیاترە لە نیو سەدەیە هەیانە لە گەڵ جیهانی دەرەوە.

لەم راپرسییە دا دیار بوو کە کورد تووشی دوو دڵییەکی ئاشکەرا بووە بەرامبەر بە ئایندە، بۆیەش بەشداربووانی ئەم راپرسییە بوون بە چەند بەشێك سەبارەت بەوەی ئەگەر ئێستا دەوڵەتی کوردی جاڕ نەدرێت ئایا دەرفەتێکی دیکەی نزیك بۆ جاڕ دانی دێتە کایەوە؟!! بۆیەش دەبینین کە رێژەکان نزیکی یەکن، ئەوە بوو (36.5%) پێیان وا بوو کە دەرفەتێکی دیکەی نزیك بۆ ئەم گەلە دەرەخسێت ئەگەر هات و ئێستا و لەم قوناغە دا دەوڵەتی کوردی جاڕ نەدرا، کەچی (39.1%) پێیان وا بوو کە هیچ دەرفەتێکی دیکە نابیت بۆ جاڕ دانی ئەم دەوڵەتە هەروەها خەونی گەلی کورد بە دەوڵەتێکی نەتەوی سەربەخۆ لە دەست دڕوات ئەگەر هات و دەست بەرداری دەرفەتی ئێستا ببیت، کەچی (24.4 %) نەیانتوانی دوو دڵی خۆیان بە شێوەیەکی دیار یەکلا بکەنەوە.

چونکە لە کوردستان دا ژمارەیەك نەتەوەکانی دیکە بە تنیشت نەتەوەی کورد دا دەژیت ئەوانیش تورکمان و کلدان و ئاشووری وژمارەیەك لە عەرەبەکانی رەسەن، بۆیەش جاڕ دانی دەوڵەتێکی نەتەوی کوردی ئەمانە دەخاتە بەرامبەر رەوشێکی سیاسی نوێ وجیاواز دا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش (78.1%) لە بەشدار بووانی ئەم راپرسییە پێیان وا بوو کە نەتەوەکانی دیکەی کوردستان کە کورد نین بە جاڕ دانی ئەم دەوڵەتە کوردییە لە رووی سیاسییەوە زەرەرمەند نابن، هەروەها (60.9%) پێیان وا بوو کە هەموو نەتەوەکانی عیراقی ئەوانەی لە چوارچێوەی عیراق دا دەژین و کە کورد نین

ئـەوانیش بـە جـارِ دانـی ئـەم دەوڵەتـە کوردییـە لـە رووی سیاسـییەوە زەرەرمەنـد نـابن، بـەڵکو (%75.6) پێیان وا بوو کە هەموو مافە نەتەوییەکانی ئەوانەی کە کورد نین مسۆگەر دەبن لە نێو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە کوردییە دا، ئەمەش وەکو دیارە بۆ ئەو باوەڕە دەگەڕێتەوە کە گەلی کورد هەیەتی کە دەڵێت داگیر کردنی مافەکانی خەڵکی دیکە بۆ هیچ کەسێك تا سەر بەردەوام نابیت و لە هیچ کاتێکیش دا ئەمە ڕێگایەك نەبووە بەرەو بەدیهێنانی مافە رەواکانی لە دەست رۆیشتوو، ئەم باوەڕەش هەڵقوڵاوی ئەو ئەزموونە تاڵەیە کە کورد بە درێژایی دەیان ساڵ تووشی ببوو وەکو زۆرداریيەکی سیاسی لە سەر دەستی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی حوکمڕانییان لە عێراق دەکرد، بۆیەش لەم راپرسییە دا دیار بوو کە گەلی کورد بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە ئەو سیاسەتەی کە پێشتر و دوور نییە تا ئەمرۆش لە ژێر باری دەیناڵاند بە سەر هیچ نەتەوەیەکی دیکە دا بسەپێنیت.

لەم راپرسییە دا دیار بوو کە هێشتا مشتومڕ سەبارەت بابەتی کۆچ بۆ دەرەوە و رەنگدانەوە پۆزەتیف و نەگەتیڤی ئەم کۆچە بە گەرمی بەردەوامە، بۆیەش بەشداربووانی ئەم راپرسییە بوون بە دوو گرووپی هاوسەنگ، یەکەمیان و بە رێژەی (%43.9) پێی وا بوو کە بە جارِ دانی دەوڵەتی کوردی رێژەی ئەوانەی کۆچ بۆ دەرەوە دەکەن لەو ئاستەی کە ئەمرۆ تێدایە دادەبەزیت، کەچی گرووپی دووەم و بە رێژەی (%41.5) پێی وا بوو کە رێژەی کۆچ دانابەزیت ئەگەر دوڵەتیش جارِ بدرێت؛ چونکە بە پێی ئەمانە کۆچ دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەموو وڵاتان دا هەیە بەدەر لە جێگا و رەوشی سیاسی .

دیارە ئەو مەسەلە گرنگەی کە لەم راپرسییە دا ئاشکەرا بووە ئەوەیە کە گەلی کورد بە راستی خاوەن گیانێکی بەرز و پڕ لە بەرخودان و خوڕاگرە سەرەڕای هەموو ئەو شکستانەی کە بە درێژایی مێژوو سیاسییەکەی تووشی بوون، بۆیەش (%53.6) پێیان وا بوو کە ئەگەر هات و دەوڵەتی کوردی جاڕیش نەدرێت ئەوە گەلی کورد لە رووی سایکۆلۆژییەوە تووشی شکستێك نابیت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم میللەتە خاوەن هێزێکی گەورەیە بە شێوەیەکی وا کە دەتوانیت ژیان بەردەوام بکات و سەرەڕای هەموو شتێك دەست بەرداری خەونەکانیش نەبیت.